گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue s3 2024
ID No. 2610 (PP 118-141)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.s3.8

توێژینەوە

# پێوانی نیشانەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لە ڕوانگەی مامۆستایانی ڕاهێنەری پەروەردەی تایبەتەوە لە هەرێمی کوردستان

**مریوان عبدالمجید محمد** / مامۆستا لە زانکۆی چەرموو – بەشی پەروەردەی تایبەت، ڕاوێژکار لە پەیمانگای ژینیا

**پەیمان عومەر ڕەزا** / ڕاهێنەری پەروەردەیی تایبەت لە پەیمانگای ژینیا

**سۆنیا حسن محمد** / ڕاهێنەری پەروەردەیی تایبەت لە پەیمانگای ژینیا

**هاوناز شریف ڕەحیم** / ڕاهێنەری پەروەردەیی تایبەت لە پەیمانگای ژینیا

## پوختە

شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم حاڵەتێکی تێکچونی گەشەکردنی مێشکە کە دەبێتە هۆی لاوازی و دواکەوتنی گەشەی ڕەفتاری و زمانەوانی و کۆمەڵایەتی منداڵ کە لە دوای تەمەنی (2، 3) ساڵیەوە دەتوانرێت نیشانەکانی دەستنیشان بکرێت .

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بۆ دەستنیشانکردنی نیشانە ڕەفتاریی و زمانەوانی و کۆمەڵایەتییەکانی منداڵانی ئۆتیزمە لە ڕوانگەی مامۆستایانی ڕاهێنەری پەروەردەی تایبەتەوە کە پەیوەندی بە ڕەگەز، تەمەن، ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە هەیە. توێژەران سوودیان لە ڕاپرسی چەندێتی اللکی (2011) و نیشانەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لە DSM-5 وەرگرت بۆ دەستنیشانکردنی نیشانەکانی شڵەژانی ئۆتیزم لە ڕووی ڕەفتاری، زمان و قسەکردن و کۆمەڵایەتیەوە. لەم توێژینەوەیەدا سوود لە میتۆدەکانی (وەسفی، شیکاری و چەندێتی) وەرگیراوە، توێژەران سوودیان لە ڕاپرسی پێشوەختە بینیوەو وەریانگێراوە بۆ زمانی کوردی کە لە (33) بڕگە پێك هاتووە، هەروەها دوای وەرگرتنی بۆچوونی شارەزایان دەرکەوت ئەم توێژینەوەیە ڕاستگۆی و جێگیری بە پلەی زۆرباشە بەدەستهێناوە. بە سوود بینین لە پرۆسەی ئاماری.(SPSS- 26)

نمونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردرا کە لە ڕێگەی گوگڵ فۆرمەوە پەیوەندی کرا بە ڕاهێنەرانی پەروەردەی تایبەتەوە، لە ئەنجامی پڕکردنەوەی (30) فۆڕمی ڕاپرسی بۆ منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم لە لایەن مامۆستای ڕاهێنەرەوە لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، چەمچەماڵ، تەنها (27) فۆڕم بە ڕاست و دروستی شیکاری ئاماریان بۆ کرا.هەروەها ئەو تیۆریانەی لەم توێژینەوەیەدا باسکراون ئەوە دەخەنەڕوو کە هەندێك هۆکاری بۆماوەیی و ژینگەیی و کۆمەڵایەتی دەبنە هۆی شڵەژانی ئۆتیزم.دەرئەنجام: پەیوەندی ئاماری گرنگ لە نێوان نیشانە ڕەفتاری و کۆمەڵایەتیەکانی شڵەژانی nexoئۆتیزم هەیە و نیشانەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لە ناو کوڕاندا زیاترە وەك لە کچان. ئەو منداڵانەی لە خێزانی مام ناوەندەوە هاتوون و دایك و باوکایان فەرمانبەرن زیاتر نیشانەکانی ئۆتیزمیان تێدایە بەبەراورد بە منداڵانی تری بەشداربوو. لە ئەنجامی هەندێك کەم و کورتی ئەم توێژینەوەیە، توێژەران هەندێك پێشنیاریان بۆ توێژینەوەکان داهاتوو خستۆتەڕوو لە گرنگترینیان: تەنها پشت بە دیدی مامۆستای ڕاهێنەر نەبەسترێت، بەڵکوئەنجامدانی تێست و پێوانەکردنی زیاتر ڕووبەڕوو لەگەڵ دایك و باوکی منداڵی ئۆتیزم و بەشداری پێکردنی نەتەوەی ترو تەمەنە جیاوازاکان گرنگن بۆ زانینی هۆکار و نیشانەکانی تری ئۆتیزم لای منداڵان بە شێوەیەکی وردتر و بەدەستهێنانی ئەنجامی باشتر

CORRESPONDENCE
مریوان عبدالمجید محمد
mariwan.mohammed@charmouniversity.org

| | |
|---|---|
| وەرگرتن | 2024/05/01 |
| پەسندکردن | 2024/06/01 |
| بڵاوکردنەوە | 2024/06/15 |

وشە سەرەکییەکان:
پێوانەکردن،
نیشانەکانی شەبەنگی ئۆتیزم،
ڕوانگەی ڕاهێنەرانی پەروەردەی تایبەت،
ڕاپرسی،
پێشنیار و ڕاسپاردەکان.

**About the Journal**

ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی :

سەرەتا پێویستە ئەوە بزانین کە شڵەژانی ئۆتیزم زاراوەیەکی یۆنانی کۆنەو بە مانای دورەپەرێزی دێت،بەڵام ئۆتیزم تەنها واتای دوورەپەرێزی و تەنهایی ناگەیەنێ ،بەڵکو ئەوانەی تووشی ئۆتیزم بوون ئەوا بەهۆی کۆمەڵێک نیشانەی ترەوە دەناسرێنەوە و دەست نیشان دەکرێن کە گۆشەگیری و دوورەپەرێزی تەنها بەشێکن لە نیشانەکانی ئۆتیزم. لە بەرئەوەی دەستنیشانکردنی ئەم شڵەژانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا تازەدیەك نوێیە، بەداخەوە هەندێك کەس لە ئەنجامی نەبوونی شارەزای دەربارەی شڵەژانی ئۆتیزم و دەستنیشانکردن و تێکەڵکردنی بە ADHD و شڵەژانەکانی تر، زۆرجار منداڵ و کەس و کارەکانیان هەست بە جۆرێك لە دڵەڕاوکێ دەکەن و پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن و گرفت بۆ خانەوەدەی منداڵان دروست دەکەن. ئەوەی گرنگە لە ئێستادا خۆشبەختانە لە هەندێك سەنتەر و پەیمانگای حوکمی و تایبەتیەکان لە ڕێگەی کۆمەڵێك پزیشك، توێژەر و ڕاهێنەری پەروەردەی تایبەتەوە بەشێوەی زانستی زانیاری لە سەر شڵەژانی ئۆتیزم کۆدەکرێتەوە و دەستنیشانی نیشانەکانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم دەکرێت.

## مەبەست لە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم (ASD) چیە ؟

شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم گرفتێکە کار لە گەشەکردنی ئاسایی ئەو کەسانە دەکات کە تووشی ئەم شڵەژانە دەبن و لە دوای (2-3) ساڵانەوە دەتوانرێت هەستی پێبکرێت و وردە وردە نیشانەکانی دەردەکەون ،ئەوەی جێی داخە هەتا ئێستا زانست نەیتوانیوە بە تەواوی هۆکارەکانی تووش بوون بەم شڵەژانە دەست نیشان بکات ، بەڵام زۆربەی دەرئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن تێکچوونی کار و چالاکییەکانی مێشک بەرپرسی یەکەمە لە تووش بوون بەم شڵەژانە. ئۆتیزم یەکێکە لەو شڵەژانەی کە زۆر ئاڵۆز و هەمە لایەنەیە .کۆمەڵەی دەروونناسانی ئەمریکی بەم شێوەیە پێناسەی ئۆتیزم دەکات (بریتیە لە تێکچونی گەشە کەلە سێ ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵدا دەردەکەوێت ،لە ئەنجامی تێکچوونە دەمارییەکان کە کار دەکاتە سەر فەرمانەکانی مێشک و لە ئەنجامدا کار دەکاتە سەر زۆر لایەنی گەشەی ڕەفتاری و زمانەوانی و کۆمەڵایەتی منداڵ (Hollander et al., 2022) هەروەها لە چاپی پێنجی ئاماری نەخۆشیە دەرونیەکان لە لەلایەن کۆمەڵەی دەروونی ئەمریکی خراوەتەڕوو نیشانەکانی ئۆتیزم لە چەند لایەنێکەوە خراوەتەڕوو، گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن:

### A. لاوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی Deficits in social communication

دیارترین نیشانەکانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم لە ڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بریتیە لە تێکەڵنەبوون بە منداڵانی تر و وەڵامنەدانەوەی وروژێنەرو کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان، تەنانەت منداڵی ئۆتیزم توانای وەڵامدانەوەی ئاماژە و چاوتێبڕین و پەیوەندی زارەکی لاوازە، هەروەها منداڵی ئۆتیزم پەیوەندی کۆمەڵایەتیان لەگەڵ کەسانی چوار دەوریان زۆر لاوازەو هیچ گرنگیەک بە کەسە نزیکەکانیشیان نادەن ، بۆ نموونە ئەگەر لەگەڵ دایک و باوکی لە ژوورێکدا دانیشێت ئەوا ئەو جۆرە منداڵانە هیچ گرینگیەکیان پێنادات و حەز ناکات قسەیان لەگەڵ بکات و سەیری ناو چاویان بکات .منداڵی ئۆتیزم زۆر حەز بەتەنهایی دەکات لەناو کۆمەڵ و قەرەباڵغیدا بێزار دەبێت و هەست بە هیچ خۆشیەک ناکات ،لەلایەکی تریشەوە حەز ناکات منداڵانی تر یاری لەگەڵ بکەن ،بە پێچەوانەوە زۆر حەز دەکەن هەر بەتەنها خۆی یاری بکات . (American Psychiatric Association، 2013)

### B. لاوازی گفتوگۆ و قسەکردن .Deficits in conversation and speech

واتا منداڵی ئۆتیزم ناتوانێ پەیوەندی لە ڕێگەی قسەکردنەوە دروست بکات و بە قسەکردن گوزارشت لە پێداویستیەکانی خۆی بکات. لاوازی لە ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکاری، و کێشەی گەورەیان هەیە لە تەرکیز و ئەنجامدانی چالاکی. و کێشەیان هەیە لە هاوبەشکردنی یاری خەیاڵی یان هاوڕێیەتی؛ بۆ نەبوونی ئارەزووی قسەکردن و گفتوگۆ لە گەڵ هاوتەمەنەکانیان (Tager-Flusberg & Kasari, 2013)

### C. گرفت لەبواری ڕەفتاردا (هەڵسوکەوت) .Restricted, repetitive patterns of behavior

واتا ڕەفتاری دووبارە و یەک ڕێچکەیی،ئیتر ئەو ڕەفتارە بریتی بێت لە یاری کردنێکی نادروست بە یاریەک یان خولانەوە و جوڵەیەکی دووبارە. منداڵی ئۆتیزم بێباکە بەرامبەر بە ئازار/گەرمی، ساردی، وەڵامدانەوەی نەرێنی بۆ دەنگ یان پێکهاتەی تایبەت، یان دەست لێدانی شتەکان، سەرسامی بێنراو بە ڕووناکی یان جووڵە). شێوازی سنووردار و دووبارەبوونەوەی ڕەفتار، یان چالاکییەکان، جووڵەی زۆر، دووبارەکردنەوەی ڕەفتار و ئیکۆلالیا هەیە.

(APA,2013)

### نیشانەکانی شلّەژانی شەبەنگی ئۆتیزم – Symtoms of ASD

#### 1. لاوازی و دواکەوتنی زمان و قسەکردن

لایەنی عەقلّی یەکێکی ترە لەنیشانەکانی کەسانی تووش بوو بەئۆتیزم دواکەوتن و لاوازی توانای قسەکردنە ،واتا لە کاتی خۆیدا وەک منداڵی ئاسایی فێری قسەکردن نابن و زۆر دوادەکەون ،وە ئەو وشانەشی کە دەیزانن وەک پێویست لە لایەنی زمانەوانی و ڕێزمانیەوە بەکاریان ناهێنن ،بۆ نموونە جاری وا هەیە تەنها وشەیەک یان چەند وشەیەکی کەم هەر دووبارە دووبارە دەکاتەوە ،یان تەنها دواهەمین وشەی ڕسەکان دووبارە دەکاتەوە یان هەندێک جار خۆی وشەی سەیر و سەمەرە دروست دەکات و دەیڵێتەوە کە لەفەرهەنگی زماندا نیە ،هەروەها زۆربەیان ناتوانن ڕاناو یان جێناو بەکاربهێنن ،بۆ نموونە ناتوانێت بڵێت من دەمەوێ ئاو بخۆمەوە ، بەڵکو دەڵێت ڕزگار دەیەوێت ئاو بخواتەوە ، واتا ناوی خۆی دەڵێ لە جیاتی جێناوی {من} بە هەمان شێوەی زمانی لە لایەنی عەقڵی و مەعریفیشەوە دوادەکەوێت و بە ئاسانی لە کەسانی چواردەوری تێناگات و وەک پێویست پرۆسە عەقلّیەکانیان گەشە ناکات(Félix et al., 2022).

#### 2.دووبارەکردنەوەی زۆر چالاکی و یاری :

کەسی تووش بوو بە ئۆتیزم توانای گۆڕانکاری کردن و بە ئاکام گەیاندنی جۆرەها چالاکی نیە بەڵکو بە زۆری چەند یاری و چالاکیەکی زۆر کەم و سنوردار بە ئەنجام دەگەیەنێ و بەردەوام بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دوبارەیان دەکاتەوە ،بەبێ ئەوەی توانای گۆڕینیان هەبێت بۆ نموونە ئەگەر یاریەکی پێبێت بەردەوام بەیەک شێوە یاری پێدەکات و توانای ئەوەی نیە کە هەر جارەو بە جۆرێك یاری پێبکات یان واز لە ئەو یاریە بهێنێت و بچێت یاری بە شتێکی تر بکات . هەروەها زۆربەی کەسانی تووش بوو بە ئۆتیزم خوو بە هەندێک ڕەفتارەوە دەگرن و بەردەوام دوبارەی دەکەنەوە بۆ نموونە هەر بە چواردەوری خۆیاندا دەخولێنەوە یان دەست و قاچ جوڵان ،یان سەرڕاوەشان ،دەست خوراندن ،یان یاری کردن بە پەنجەکانی ،لەلایەکی تریشەوە زۆر حەز بە شتی ڕۆتینی دەکات و حەز بە گۆڕینیان ناکات واتە بەیەک شێوە نان دەخوات یان دەمە و چاوی دەشوات یان جل لەبەر دەکات ناهێڵێت کەسیش بیگۆڕێت .(Pretorius, 2023)

### نیشانە باوەکانی شلّەژانی ئۆتیزم – Common symptoms of ASD

- هەندێک لە منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشی ئۆتیزم کێشەیان هەیە لە فێربوون، هەندێکیشیان ئاستی زیرەکیان لە چاو کەسانی ئاسایدا کەمترە.
- کێشەیان هەیە لە پەیوەندیکردن و جێبەجێکردنی  کارو باری ڕۆژانە و خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخە کۆمەڵایەتییەکان.
- کێشەی هەبێت لە کارلێکی کۆمەڵایەتی و تواناکانی پەیوەندیکردن، لەوانەش هەریەکێک لەم نیشانانە:
- وەڵامی ناوەکەی ناداتەوە یان وا دەردەکەوێت کە هەندێک جار گوێت لێ نەبێت
- بەرەنگاری لە باوەشکردن و گرتنەوە دەبێتەوە، و پێی باشە یاری  بە تەنیا ئەنجام بدات.
- بەرکەوتنی چاوی خراپەو  و دەربڕینی دەموچاوی نییە
- قسە ناکات یان قسەی دواکەوتووە، یان توانای پێشووی وتنی وشە یان ڕستە لەدەست دەدات
- ناتوانێت دەست بە گفتوگۆ بکات و داواکاری نیە و ناو لە شتەکان نانێت
- بە تۆنێک یان ڕیتمێکی نائاسایی قسە دەکات و لەوانەیە دەنگی گۆڕانی گۆرانی یان قسەیەکی هاوشێوەی ڕۆبۆت بەکاربهێنێت وشە یان دەستەواژەکان بە وشە بە وشە دووبارە دەکاتەوە، بەڵام تێناگات چۆن بەکاریان بهێنێت هەست و سۆز دەرنابڕێت و بێ ئاگا دەردەکەوێت لە هەستی کەسانی تر
- بە شێوەیەکی نەگونجاو لە کارلێکی کۆمەڵایەتی نزیک دەبێتەوە بە پاسیف، شەڕانگێزی یان تێکدەر کێشەی هەیە لە ناسینەوەی ئاماژە نازارەکییەکان، وەک لێکدانەوەی دەربڕینی دەموچاو، دۆخی جەستە یان تۆنی دەنگی کەسانی دیکە.

#### شێوازەکانی ڕەفتار

منداڵ کە تووشی نەخۆشی سپێکتری ئۆتیزم دەبێت  لەوانەیە شێوازی سنووردار و دووبارەبوونەوەی ڕەفتار، ئارەزوو یان چالاکییەکانی هەبێت بە یەکێك لەم نیشانانە:

- جوڵەی دووبارەبووەوە ئەنجام دەدات، وەک لەرزین، خولاندنەوە یان دەست لێدان لە شتەکان.

- ئەو چالاکییانە ئەنجام دەدات کە دەتوانێت ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە خۆی، وەک گازگرتن یان سەر کێشسن بەدیوار و ڕۆتین یان ڕێورەسمی تایبەت پەرەپێدەدات و لە بچووکترین گۆڕانکاریدا تێکدەچێت

- کێشەی هەماهەنگی هەیە یان شێوازی جوڵەی سەیر و سەمەرەی هەیە، وەکو چەقبەستوویی یان ڕۆیشتن لەسەر پەنجەکانی قاچ، هەروەها زمانی جەستەی نامۆ، ڕەق یان زیادەڕەوی هەیە

- سەرسامە بە وردەکارییەکانی تەنێک، وەکو تایەی خولانەوەی ئۆتۆمبێلێکی یاری، ئامێری جل شۆردن، ڕوناکی، خولانەوەی کاتژمێر بەڵام لە ئامانج و ئەرکی گشتی تەنەکە تێناگات

- بە شێوەیەکی نائاسایی هەستیارە بە ڕووناکی، دەنگ یان دەست لێدان، بەڵام ڕەنگە بێباک بێت لە ئازار یان پلەی گەرمی

- ئارەزووی خۆراکی تایبەتی هەیە، وەک خواردنی تەنها چەند خۆراکێک، یان ڕەتکردنەوەی ئەو خۆراکانەی کە پێکهاتەیەکی دیاریکراویان هەیە و یان خواردن بە دەست. ( Centers for Disease Control and Prevention, 2021; DSM-5, 2013; Weissman et al., 2023)

## 1- چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:

### گرنگی توێژینەوە Significance of the study

پێوانی نیشانەکانی ئۆتیزم لە ڕوانگەی مامۆستای ڕاهێنەری پەروردەی تایبەتەوە گرنگی خۆی هەیە، چونکە ڕۆژانە بە شێوەیەکی پراکتیکی و ڕووبەڕوو لە سەنتەر و پەیمانگاکاندا بە شێوەیەکی پراکتیکی و زانستی سەرنجی منداڵانی ئۆتیزم دەدەن و نیشانەکانی ئۆتیزم لە ڕووی ڕەفتاری و کۆمەڵایەتی و قسەکردنەوە دەستنیشان دەکەن. لە لایەکی ترەوە توێژەران لە هۆکار و نیشانەکانی ئۆتیزم دەکۆڵنەوە تا توەژینەوەکە دەوڵەمەند بکرێت. هەروەها گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە داتا و زانیاری نوێ لە سەر منداڵانی ئۆتیزم کۆبکرێتەوە کە یارمەتی دەرن بۆ ڕاهێنانی باشتر و زیاتر بە منداڵانی ئۆتیزم.

### ئامانجی توێژینەوەAim of study - :

- بۆ زانینی نیشانەکانی شڵەژانی ئۆتیزم لای منداڵان لە ڕووی لایەنی ڕەفتاری و کۆمەڵایەتی و زمانەوانیەوە
- بۆ زانینی ئاستی شڵەژانی ئۆتیزم بە پێی گۆڕاوی تەمەن، ڕەگەز، باری ئابووری و کۆمەڵایەتی.

### کێشەی توێژینەوە-Problem Statement:

توێژەران دركیان بەوەكردووە كە شڵەژانی ئۆتیزم یەكێكە كە شڵەژانە بڵاوەكانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ كە بەشێك لە منداڵانی كوردستانی عێراق بە دەستیەوە دەناڵێنن و سەنتەر و پەیمانگاكان بەردەوام لە هەوڵدان تا چارەسەری منداڵانی ئۆتیزم بكەن بەشێوەی ئەكادیمی، و هانی دایك و باوك دەدەن تا خۆیان بپارێزن لە خستنەوەی منداڵی ئۆتیزم، هەروەها ڕاهێنەرانی پەروەردەی تایبەت، دەروونناس و پزیشك و پسپۆڕان لە هەوڵدان تا ڕاهێنانی زیاتر بە منداڵی ئۆتیزم بكەن. بەڵام بەداخەوە منداڵی ئۆتیزم كێشە بۆ خێزان و كۆمەڵگا دروست دەكات، لە لایەکی تر دەبێتە هۆی دواکەوتنی منداڵ لە ڕووی فێربوون، لایەنی ڕەفتاری، کۆمەڵایەتی و ژیریەوە. هەروەها تاكو ئێستا توێژینەوەی زانستی لە سەر منداڵانی ئۆتیزم لە سەنتەرو پەیمانگاكانی كوردستان بە پێی پێویست ئەنجام نەدراوە لە دیدی ڕاهێنەرانی پەروەردەی تایبەتەوە. بۆیە توێژەران هەستیان بە گرفتەكانی منداڵی ئۆتیزم كردووە بە تایبەت لە پەیمانگای ژینیا كە ڕۆژانە لە گەڵ منداڵاندا ڕاهێنان ئەنجام دەدەن و دەیانەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

- ئایا پەیوەندی ئاماری گرنگ لە نێوان لایەنی ڕەفتاری و كۆمەڵایەتی و قسەكردنی منداڵی ئۆتیزمدا هەیە؟
- ئایا نیشانەکانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم پەیوەندی بە جیاوازی ڕەگەزەوە هەیە؟
- ئایا نیشانەکانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم پەیوەندی بە جیاوازی بە تەمەنەوە هەیە؟
- ئایا ئۆتیزم پەیوەندی بە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی منداڵانەوە هەیە؟

**پلانی توێژینەوە:** توێژینەوەکە لە سێ بەش و چەند باسێك پێكهاتووە، بەشی یەكەم: باسی یەكەم: شڵەژانی ئۆتیزم، باسی دووەم: نیشانەکانی ئۆتیزم. بەشی دووەم: هۆکارەکانی ئۆتیزم. بەشی سێیەم: چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوە، کە (دیزاین، شێواز، نموونە(سەمپڵ)، کەرەستە، میتۆد، شیکاری داتا) لە خۆدەگرێت.

**سنوری توێژەنەوە:**

سنوری کاتی: (بەرواری 2023/10/20 - 2023/11/10

سنوری بابەتی: شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم لای منداڵانی سەنتەرو پەیمانگاکانی کوردستان

سنووری مرۆیی: منداڵانی(تەمەن 12- 3)

نمونەی توێژینەوە

نمونەی توێژینەوە: منداڵانی سەنتەرو پەیمانگاکانی کوردستان ، تەمەن (12- 3) ڕەگەزی کوڕ و کچ له سەنتەرو پەیمانگاکان ( سلێمانی، هەولێر، ژینیا، چەمچەماڵ، ژین)

**2- هۆکارەکانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم - Causes of ASD**

**جیاوازی ڕەگەز –Gender differences**

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم جیاوازی ڕەگەزیە و دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی تەمەنی کوڕ و کچ، بۆ نموونە، Schuck, et al,. (2019) پێیان وایە نیشانەکانی شڵەژانی ئۆتیزم زیاتر لە کووڕاندا باوە وەك لە کچان، ئەم توێژینەوەیە بەراوردی نێوان 17 کوڕ و 11 کچی تووشبوو بە ASD کردووە، لە دەرئەنجامدا ئەوە سەلمێنراوە کە جیاوازییەکی گرنگی ئاماری هەبووە بە نموونە کوڕان زیاتر تووشی ئۆتیزم دەبن وەك لە کچان. هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، توێژەرێکی تر بە ناوی (Amaral, 2017 ) ئۆتیزم بە نەخۆشییەکی ئاڵۆز وەسف دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە لە هەر شەست و هەشت منداڵ یەکێکیان بە پلەیەک ئۆتیزم لەدایک دەبێت. هەروەها ئۆتیزم لە پیاوان زیاترە بە ڕێژەی چوار بەرامبەر بە یەک.

**هەوکردنی دایکان Maternal Infection -**

چەند سەرچاوەیەك باس لەوە دەکەن کە هەوکردنی دایك یەکێکی ترە لە هۆکارەکان، بە نموونە هەوکردنی ڕوبێلا (سورێژەی ئەڵمانی)ی دایکە لە کاتی دووگیانیدا. پێش پەرەپێدان و بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی ڤاکسینی کاریگەر، هەر 10 بۆ 30 ساڵ جارێک پەتای گەورە ڕوویدەدا. دواهەمینیان لە ساڵی 1963 تا 1965 بوو کە نزیکەی 100%ی ژنانی دووگیان تووشی بوون، لە ئەنجامدا زیاتر لە 13 هەزار کۆرپە یان کۆرپەی زوو مردن؛ 20 هەزار کۆرپە کە بە کەموکوڕی گەورەی لەدایکبوون لەدایک بوون و 10بۆ 30 هەزار کۆرپە بە تێکچوونی گەشەی دەمارەکانی ماناوەند تا توند لەدایک دەبن. ستێلا چێس، پزیشکی دەروونی منداڵان لە زانکۆی نیویۆرک، لێکۆڵینەوەی لەسەر 243 منداڵ کردووە کە لە کاتی دووگیانیدا بەرکەوتەی ڕوبێلا بوون ,بۆی دەرکەوتووە کە گەورەترین تێکچوونی گەشەی دەمارەکان کەمئەندامی هزرییە، کە کاریگەری لەسەر 37%ی نمونەکە هەبووە. هەروەها 9% لەو منداڵانە تووشی ئۆتیزم بوون شڵەژانی عەقڵیان هەبووە، و 8% نیشانەکانی تری ئۆتیزمیان هەبووە. (Duszak,2009; Libbey et al., 2005) .

**ژەهراویکەرەکانی ژینگە Environmental toxicants -**

سەرەڕای نەخۆشیەکانی ڤایرۆس و بەکتریا و بەکارهێنانی داوودەرمان، توێژەران لێکۆڵینەوەیان لە سەر مادده ژەهراویەکانی ژینگە کردوەو گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی کە پیسبوونی هەوای بەرهەمهێنراوی ئۆتۆمبێل، دوکەڵی جگەرە و کانزا قورسەکان هۆکارن بۆ تووشبونی منداڵ بە شڵەژانی ئۆتیزم. بواری پەتازانینی ژینگەیی ئۆتیزم هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدایە و تەکنیکەکانی دامەزراندنی هەمەلایەنەی "بەرکەوتن"ی پێش لەدایکبوون، واتە: هۆکارە ژینگەییەکان کاریگەرییان لەسەر کۆرپەلە هەیە لە کاتی دووگیانیدا) و ئەگەری دەرکەوتنی نیشانەکانی ئۆتیزم زیاتر دەکەن. بۆیە دەرکەوتووە ئەو دایکانەی لە نزیک ڕێگای هاتووچۆی خێراو کارگەکان دەژین، لە سێ مانگی سێیەمی دووگیانیدا کۆرپەلەکانیان دوو هێندە زیاتر ئەگەری تووشبوونیان بە شڵەژانی ئۆتیزم هەیە. (Mandy & Lai,2016:Orno et al.,2015 )

**دەرمانەکان Drugs -**

هەوڵەکان بۆ تێگەیشتن لە زیادبوونی هۆکاری بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئۆتیزم وایکردووە پرسیاری ئەوە بکرێت: ئایا بەکارهێنانی دەرمانی جۆراوجۆر لە کاتی دووگیانیدا هۆکارە بۆ شڵەژانی ئۆتیزم؟ لە ڕووی مێژووییەوە، دەتوانرێت کەیسێکی بەهێز بۆ پەیوەندی نێوان ئۆتیزم و تالیدۆماید دروست بکرێت، کە دەرمانێکی هێورکەرەوەی بەهێزە و لە کاتی دووگیانیدا بەکاردەهێنرێت (بۆ چەند ساڵێک لە دەوروبەری ساڵی ١٩٦٠) بۆ کەمکردنەوەی سکچوون. توێژینەوەیەک ئەنجامدراوە لەسەر 100 نەخۆشی پێگەیشتو لە وڵاتی سوید کە تیایدا دایکیان لە کاتی دووگیانیدا تالیدۆمیدیان خواردووە، دەرئەنجام دەرکەوتووە لانیکەم 4 یان

تایبەتمەندی ئۆتیزمی هەبووە. ئەمە یەکەم بەڵگە بوو کە دەرمانێک کە لە کاتی دووگیانیدا بخورێت بتوانێت مەترسی ئۆتیزم بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بکات. لەم دواییانەدا، نیگەرانییەکان سەبارەت بە ترشی ڤالپرۆیک و ڕێگریکەرانی وەرگرتنەوەی سیرۆتۆنین وروژێنراون. ترشی ڤالپرۆیک لە سەرەتای شەستەکانەوە دەرمانێکی پەسەندکراوە، بە پلەی یەکەم بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی سەرئێشە و گرژبوون دەنووسرا، بەڵام بۆ نەخۆشیەکانیش لە سەرئێشەی شەقیقە تا نەخۆشی دوو جەمسەری بەکاردەهات. هەردوو توێژینەوە پەتازانییە ئاژەڵییەکان و مرۆڤەکان نیگەرانییەکانیان لەسەر ترشی ڤالپرۆیک ماددەیەکی تێراتۆجینە خستۆتەڕوو. گەورەترین توێژینەوەی پەتازانی تا ئێستا بەدواداچوونی بۆ 415 منداڵ کردووە، کە 201 منداڵیان لە دایک بوون کە لە کاتی دووگیانیدا دەرمانی دژە سەرئێشەیان خواردووە. نزیکەی لەسەدا 7.5ی منداڵانی ئەو ژنانەی کە چارەسەرکراون تووشی نەخۆشی گەشەکردنی دەمارەکان بوون، بە پلەی یەکەم شڵەژانی شڵەژانی ئۆتیزم، لە بەرامبەردا 1.9 ژنانی تووشبوو تووشی سەرئێشە بوون. (Bromley et al., 2013; Strömland et al., 1994).

## ئیلیکترۆنیات و مۆبایل و شاشەکان

هەندێك لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە پەیوەندی بەهێزهەیە لە نێوان بەرکەوتنی منداڵ بە شاشەی مۆبایل و تەلەفزیۆن و ئایپاد دەرکەوتنی نیشانەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لە منداڵاندا، بۆ نموونەAlrahili (et al., 2021) ئەوەیان خستۆتەڕوو کە پەیوەندییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان ئەو کاتژمێرانەی ڕۆژانە منداڵ بەسەری دەبات لە پێش ئامێرەکان و دەرکەوتنی نیشانەکانی ئۆتیزم، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ کەمبوونەوەی چالاکی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتنی شڵەژانی نیشانەکانی ئۆتیزم.

هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە چەند لێکۆڵەرێکی ترچاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەو دایك وباوکانە ئەنجامداوە کە مندالەکانیان بە بەردەوامی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان بەکاردەهێنن، بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوون لە 172 دایک و باوك کە منداڵی ئۆتیزمیان نیە بە بەراورد بە 139 دایک و باوکی تر کە منداڵەکانیان نەخۆشی ئۆتیزمیان هەبووە و تەمەنیان لە نێوان 6 بۆ21 ساڵ بووە. دوای ئەوەی دایک و باوکەکان ڕاپرسییەکیان بە شێوەی ئۆنلاین لەبارەی دیمۆگرافی و فرێکوێنسی و شێوازە کێشەدارەکانی بەکارهێنانی ئەلیکترۆنی لە گەنجان و پڕکردەوە. دەرئەنجام دەرکەوت ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی ئۆتیزم بوون ئەوکەسانەن ڕۆژانە زیاد لە پێویست ئەلیکترۆنیات بەکاردەهێنن، هەروەها بەکارهێنانی ئینتەرنێت و یارییە ڤیدیۆییەکانیان بەکارهێناوە لە چاو ئەو کەسانەی کە نەخۆشی ئۆتیزمیان نییە. لە ئەنجامی بەراوردکردنی هەردو نموونەکەدا ئەوە دەرکەوتووە کە کوڕان زیاتر لە کچان یارییە ڤیدیۆییەکانیان بەکارهێناوە و زیاتر نیشانەکانی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەبووە. (MacMullin et al., 2016)

## 3-چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوە

### میتۆدی توێژینەوە :(Methods)

لە توێژینەوەکەدا چەند میتۆدێك بەکارهاتووە لەوانە: میتۆدی وەسفی بۆ وەسفکردنی دیوە تێوریەکەی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم لای منداڵانی سەنتەر و پەیمانگاکانی کوردستان، و میتۆدی شیکاری بۆ شیکارکردنی داتاکانی ناو توێژینەوەکە هەروەها میتۆدی چەندێتی بۆ لێکدانەوەی ژمارەکانی فۆڕمی ڕاپرسی بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS).

### دیزاینی توێژینەوە (Study Design) :

ئەم توێژینەوەیە چەندایەتییە، ئامانج لێی پێوانی نیشانەکانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزمە لە ڕووی ڕەفتاری و قسەکردن و کۆمەڵایەتییەوە پەیوەست بە ڕەگەز، تەمەن، باری خێزانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لای منداڵانی ئۆتیزم. توێژینەوەکە سوودی لە ڕاپرسی (اللکی،2011 ) و DSM-5بینیووە بۆ کۆکردنەوەی داتا، وە سوودی لە ئامار بینیوە بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان و شیکردنەوەی داتاکان کە بە (SPSS -26 ) ناسراوە.

### کەرەستەی ئاماری

پاکێجی ئاماری بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان-ڤێرژنی-26 کە بە (SPSS) ناسراوە بەکارهاتووە، کە (ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێریاری، Mean, لادانی پێوەری، تی تێست(T.TEST)، Compare means, One way Anova ,)بە کارهاتووە.

**بەشداربووان :(Participants)**

نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە 27منداڵ کە نیشانەکانی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە لە ڕێگەی دابەشکردنی گوگڵ فۆرم لە ڕوانگەی مامۆستایانی ڕاهێنەری پەروەردەی تایبەتەوە کە پێوانی نیشانەکانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم بکەن لە سەنتەرو پەیمانگاکانی کوردستان. بۆیە خشتەی(١) دیمۆگرافیای بەشداربوان پیشان دەدات، 59.3 بەشداربوان تەمەنیان لە نێوان 3-6 ساڵیدایە کە بەرزترین ڕێژەیە، لە کاتێکدا 25.9 بەشداربوان تەمەنیانلە نێوان 6-9 ساڵیدایە و تەنها 14.8 منداڵان تەمەنیان لە نێوان 9-12 ساڵیدایە . هەروەها 66 بەشداربوان کوڕن لە کاتێکدا تەنها 33.3بەشداربوان کچن. لەڕووی باری ئابوورییەوە زۆرترین ڕێژەی بەشداربوان لە خێزانێکی ناوەندەوە هاتوون کە 70.4% پێك دێنێت.لەلایەکی ترەوە زۆربەی دایك و باوکی منداڵەکان پیشەیان فەرمانبەریە کە نزیکەی 74.1% توێژینەوەکە پێك دەهێنێت. پەیوەست بە سەنتەر و پەیمانگاکانی کوردستان، زۆرترین ڕێژەی بەشداربوو لە سەنتەرەکانی سلێمانیەوە هاتوون کە نزیکەی 85.2% پێك دەهێنن، و سەنتەری ژین و چەمچەماڵ هەمان ڕێژەی یەکسانیان بەشداربووە کە 7.4%. لە کاتێکدا پەیمانگای ژینیا و هەولێر نزیکەی (18.5، 14.8) بەدوای یەکدا هاتوون.

خشتەی (1) دیمۆگرافیای بەشداربوانی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو:

| گۆڕاوەکان– Variables | Number | % |
|---|---|---|
| **تەمەن - Age** | | |
| 3-6 | 16 | 59.3 |
| 6-9 | 7 | 25.9 |
| 9-12 | 4 | 14.8 |
| **ڕەگەز Gender** | | |
| کوڕ | 18 | 66.7 |
| کچ | 9 | 33.3 |
| **Socioeconomic status** | | |
| هەژار Lower class | 5 | 18.5 |
| ناوەند Middle class | 19 | 70.4 |
| دەوڵەمەند Upper class | 3 | 11.1 |
| **پیشەی خێزان** | | |
| کاری ماڵەوە | 4 | 14.8 |
| فەرمانبەر – مامۆستا | 23 | 74.1 |
| **سەنتەرو پەیمانگاکان** | | |
| پەیمانگای ژینیا | 4 | 14.8 |
| پەیمانگای سلێمانی | 14 | 85.2 |
| سەنتەری ژین | 2 | 7.4 |
| پەیمانگای چەمچەماڵ | 2 | 7.4 |
| پەیمانگای هەولێر | 5 | 18.5 |

**فۆرمی ڕاپرسی: Questionnaire**

توێژەران هەستان بە وەرگرتنی پێوەرێك بۆ پێوانی نیشانەکانی شڵەژانی شەبەنگی منداڵانی ئۆتیزم، بۆ زانینی ئاستی نیشانەکانی ئۆتیزم بەپێی بە پێی تەمەن،ڕەگەز، باری خێزانی و ئابووری. بۆ ئەم مەبەستە توێژەران پێوەرێکیان وەرگرتووە کە لە پێوەری (اللكى2011, ) و سوود وەرگرتن لە شڵەژانەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لە مانوەڵی دەستنیشانکردن و ئامارکردنی نەخۆشیە دەرونیەکان چاپی پێنجەم کە (DSM-5) ناسراوە, هەروەها سوود لە ئەدەبیات و توێژینەوەکان پێشوو وەرگیراوە. دواتر چەند پسپۆڕ و

شارەزایەکی بواری پەروەردەی تایبەت و دەروونناسی کاری پێداچوونەویان بە برگەکانی فۆرمی راپرسی توێژینەوەکە کردووە وە چەند برگەیەکی کەم گۆڕانکاری تێدا کراوە کە شارەزایان پێشنیاریان کردبوو، لە پاشکۆی (1) دا پیشاندراوە.

### ڕاستگۆیی ڕواڵەتی: Reliability

ڕاستگۆیی کە ئەو تێست و پێوانانە دەگرێتەوە کە پشت بە هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان دەبەستێت، بۆهەر برگەو پرسیارێک، شیکاری ئەوە دەکرێت کە ئایا هەریەکەیان ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە تاقیکردنەوەکەی بۆ داڕێژراوە ,ڕاستگۆیی مانای وایە توێژینەوەکە پێوانی کاری سپێراو دەکات کە بۆی دانراوە، نەك پێوانی شتی تر .(Navarro Sada & Maldonado, 2007) توێژەران بۆ دەستکەوتنی ڕاستگۆیی پێوەرەکە، لە ڕووی گونجاوی و نەگونجاوی کە برگەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکە لە (33) برگە پێکهاتوون و لە فۆڕمێکدا دابەشکراوە بەسەر (5) مامۆستا و دکتۆری شارەزای بواری دەروونناسی و پەروەردەی تایبەت، کە سەرجەم برگەکانی مانەوە بەڵام چەند تێبینیەکی کەم هەبوون بە هەندێك گۆڕانکاری، بۆیە ڕێژەی ڕەزامەندی و تێبینی شارەزایان لە پاشکۆی (2) دا خراوەتەڕوو، بەسوود وەرگرتن لە بەرنامەی SPSS و شیکاری 33 پرسیار، دەرکەوت کە ڕاست و دروستی برگەکان 0.86 بوو.

### جێگیری پێوەر بە الفا کرونباخ Validity

جێگیری واتا بەکارهێنان و دووبارەکردنەوەی تێست و تاقیکردنەوەکان زیاتر لە جارێك بەسەر هەمان نموونەی توێژینەوەکە، ڕاپرسی بە ئامانجی گونجاندنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان زیاد لە جارێك لەسەر بەشداربووان پراکتیزەبکرێت تاکو توێژەران ئەنجامێکی نزیك یان هەمان ئەنجامی توێژینەوەیان دەست بکەوێت (Navarro Sada & Maldonado, 2007).لە سەرەتای توێژینەوەکەدا توێژەران هەستان بە تێستی جێگیری ڕاپرسیەکە بەشێوەی )دابەشکردنی نیوەیی (Split-Half – لە سەر نموونەیەکی تاقیکاری کە (14 مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت ڕاهێنانیان بە منداڵانی ئۆتیزم کردووە، بە مەبەستی زانینی جێگیری جاری یەکەم لە ڕێکەوتی (2023/10/7)، بە ئامادەبوونی مامۆستایانی ڕاهێنەری پەروەردەی تایبەت لەگەڵ منداڵانی تەمەن(3 -12)کە ئاستی پەیوەندی (معاملی ارتباطی)یان بۆ کراوە، دوای (7)ڕۆژ، هەمان پێوەر بەسەر هەمان ژمارەی توێژینەوەکەدا دابەشکراوە, بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (سپێرمان Spearman- Brown)، لە ئەنجامدا ئاستی پەیوەستی بریتی بوو لە (0.089) کە پلەیەکی زۆر باشە.

**شێوازی ڕاستاندن(التصحیح المقایس):** برگەکانی پێوەری ئەم ڕاپرسیە لە (32) برگە پێکهاتووە، کە بۆ هەموو برگەیەك بۆ زانینی کێشەی ژمارە لای قوتابیانی بازنەی یەکەم لە دیدی مامۆستایانەوە کە پێنج جێگرەوە(بدائیل) لە خۆدەگرێت.

خشتەی (2) پشاندانی جێگرەوە(بدائیل)ەکان

| | |
|---|---|
| هەرگیز | 1 |
| زۆرکەم | 2 |
| هەندێکجار | 3 |
| زۆرجار | 4 |
| هەمیشە | 5 |

### پرۆسەی توێژینەوەکە Procedure –

منداڵانی بەشداربووی ئەم توێژینەوەیە لە ئێستادا بەردەوامن لە ڕاهێنان لە لایەن مامۆستاکانیانەوە لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و قەزای چەمچەماڵەوە ڕاهێنانیان پێدەکرێت، و بە بەکارهێنانی شێوازی هەڕەمەکی – عشوائ – لە ڕێگای فۆرمی ڕاپرسی (Questionnaire)بەشداربووان هەڵبژێردران. نموونەی ئەم توێژینەوەیە، ئەومنداڵانە دەگرێتەوە کە ڕاهێنانیان پێ دەکرێت لە پەیمانگا و سەنتەرەکانی ( ژینیا، ژین، سلێمانی، هەولێر). بۆیە توێژەران، هەستان بە دەستنیشانکردنی نموونەی توێژینەوەکە لە نێو کۆمەڵگای توێژینەوەکە بەتایبەت ئەو منداڵانەی نیشانەکانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە، پرۆسەی داتاکانی توێژینەوەکە دابەشکرا بۆ دوو بەشی فۆرمی ڕاپرسیەکە: بەشی یەکەم دیمۆگرافی بەشداربووان، تایبەت بوو بە (ڕەگەز، تەمەن،باری خێزانی، کۆمەڵایەتی و ئابووری)، بەشی دووەم فۆرمی ڕاپرسی کە بە - 32) نیشانەکانی ئۆتیزم) ناسراوە، هەروەها توێژەران بە شێوەی

(هەڕەمەکی Randomly-) لینکی گوگڵ فۆرمیان نارد بۆ ڕاهێنەرانی پەروەردەی تایبەت لە نێوان ڕێکەوتی 2023/10/20 - 2023/11/10 لە ئەنجامدا (27) فۆرمی درووست شیکاری بۆ کراوە بە بەرنامەی .(SPSS-26

**ماوەی توێژینەوەکە:** توێژەران لە ماوەی نێوان (20//10 2023 بۆ 2023/11/10)، ڕاپرسی لە ڕێگەی لینکێکەوە بۆ مامۆستایانی ڕاهێنەری پەروەردەی تایبەتەوە نێردرا تا پێوانی نیشانەکانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم بکەن لە سەنتەرو پەیمانگاکانی کوردستان.

**جێبەجێکردنی توێژینەوەکە**: توێژەران لە ڕێکەوتی (20//10 2023 بۆ 2023/11/10)، هەستان بە دابەشکردنی فۆرمەکانی پێوانی نیشانەکانی شڵەژانی ئۆتیزم ژمارە لای منداڵانی سەنتەر و پەیمانگاکانی ڕاهێنان بە منداڵانی ئۆتیزم لە دیدی مامۆستایانی ڕاهێنەری پەروەردەی تایبەتەوە کە سەرەتا لینکی گوگڵ فۆرمەکان بۆ نموونەی توێژینەوەکەدا نێردران بۆ ڕاهێنەران، پاشان (27) فۆرم سوودی لێ بینرا بە شێوەی ڕاست و درووستی، بۆیە سەچاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیەدا پێکهاتبوو لە فۆرمی ڕاپرسی کە بەشێوازی ڕاپرسی ئەنجام دراوە پاشان شیکاری بۆ (27) فۆرم کرا.




## 4-خستنەڕووی دەرئەنجام و ڕاڤەکردن

خشتەی (3) فریکوێنسی و ڕێژەی سەدی تەمەنی بەشداربوان پیشان دەدات

| تەمەن | فریکوێنسی | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| 36.00 | 18 | 66.7 |
| 69.00 | 9 | 33.3 |
| 912.00 | 3 | 3.3 |
| Total | 27 | 100.0 |

خشتە و چارتی (4) فریکوێنسی و ڕێژەی سەدی کوران و کچان پیشان دەدات

| | | فریکوێنسی | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| Valid | کوڕ | 18 | 66.7 |
| | کچ | 9 | 33.3 |
| | کۆ - Total | 27 | 100.0 |




خشتە و چارتی (4) جیاوازی نێوان کوڕان و کچان پیشان دەدات کە 66.7% بەشداربووان کوڕانن ، بەڵام 33.3% قوتابیان کچانن.

خشتە و چارتی (5 ئەنجامی ئەنۆڤا بۆ نیشانەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لە ڕووی ڕەفتار، زمان و قسەکردن، کۆمەڵایەتی و پەیوەست بە ڕەگەزەوە پیشان دەدات

| نیشانەکانی ئۆتیزم | ڕەگەز | N | ناوەندی ژمێریاری Mean | Min | Max | T | P |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **لایەنی ڕەفتاری** | کوڕ | 18 | 3.8502 | 1.00 | 2.00 | 15.101 | .000 |
| | کچ | 9 | 2.4444 | | | | |
| **لایەنی زمان و قسەکردن** | کوڕ | 18 | 3.5707 | 1.00 | 2.00 | 6.860 | .004 |
| | کچ | 9 | 3.2120 | | | | |
| **لایەنی کۆمەڵایەتی** | کوڕ | 18 | 3.2464 | 1.00 | 2.00 | 6.610 | .005 |
| | کچ | 9 | 2.9696 | | | | |
| **Total** | کوڕ | 18 | 3.5557 | 1.00 | 2.00 | 9.5236 | .003 |
| | کچ | 9 | 2.8753 | | | | |



شێوەی (3)

پای چارتی (3) ڕێژەی سەدی ئاستی ئابووری خێزان پیشاندەدات، بۆ نموونە ئاستی ئابووری دایك و باوکی ئەو منداڵانەی کە ناوەندن بە ڕێژەی 81% ە، دواى ئەوە ئاستی هەژار و دەوڵەمەندە کە هەمان ڕێژەی هاوشێوەیە بە نزیکەی 9.5%، 9.5% بە دوای یەکدا.




خشتەی(6)بەراوردی نیشانەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لە ڕووی ڕەفتاری، قسەکردن، کۆمەڵایەتی و پەیوەست بە تەمەنەوە نیشان دەدات.

| نیشانەکانی ئۆتیزم | Ageتەمەن | N | ناوەندی ژمێریاری Mean | Min | Max | F | P |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لایەنی ڕەفتاری | 3-6 | 16 | 2.9008 | 1.00 | 3.00 | 9.101 | 0.007 |
| | 6-9 | 7 | 2.1818 | | | | |
| | 9-12 | 4 | 2.1948 | | | | |
| لایەنی زمان و قسەکردن | 3-6 | 16 | 3.5312 | 1.00 | 3.00 | 3.121 | 0.006 |
| | 6-9 | 7 | 2.1590 | | | | |
| | 9-12 | 4 | 3.3605 | | | | |
| لایەنی کۆمەڵایەتی | 3-6 | 16 | 3.1948 | 1.00 | 3.00 | 5.940 | 0.003 |
| | 6-9 | 7 | 2.8465 | | | | |
| | 9-12 | 4 | 3.0454 | | | | |
| **Total** | 3-6 | 16 | 3.2089 | 1.00 | 3.00 | 6.054 | 0.005 |
| | 6-9 | 7 | 2.3957 | | | | |
| | 9-12 | 4 | 2.8669 | | | | |

چارتی( 6) خستنەڕووی نیشانەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لە ڕووی ڕەفتاری، قسەکردن، کۆمەڵایەتی و پەیوەست بە تەمەنەوە نیشان دەدات.




خشتەی (7)ئەنجامەکانی ئەنۆڤا بۆ نیشانەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لە ڕووی ڕەفتار، زمان و قسەکردن، کۆمەڵایەتی و پەیوەست بە پیشەی دایك و باوك پیشان دەدات

| نیشانەكانی ئۆتیزم | پیشەی دایك و باوا | N | اوەندی ژمێریار<br>Mean | Min | Max | T | P |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لایەنی ڕەفتاری | كاری ماڵەوە | 4 | 2.7545 | 1.00 | 2.00 | 3.993 | 0.021 |
| | فەرمانبەر | 23 | 3.1112 | | | | |
| لایەنی زمان و قسەكردن | كاری ماڵەوە | 4 | 3.5054 | 1.00 | 2.00 | 2.433 | 0.430 |
| | فەرمانبەر | 23 | 4.9533 | | | | |
| لایەنی كۆمەڵایەتی | كاری ماڵەوە | 4 | 2.5549 | 1.00 | 2.00 | 5.173 | 0.007 |
| | فەرمانبەر | 23 | 3.7296 | | | | |
| **Total** | كاری ماڵەوە | 4 | 2.9382 | 1.00 | 2.00 | 3.966 | 0.152 |
| | فەرمانبەر | 23 | 3.9313 | | | | |

خشتەی(8)بەراوردی نیشانەكانی شەبەنگی ئۆتیزم لە ڕووی ڕەفتاری، قسەكردن، كۆمەڵایەتی و پەیوەست بە باری ئابووری پیشان دەدات.

| نیشانەكانی ئۆتیزم | باری خێزانی | N | ناوەندی ژمێریاری<br>Mean | Min | Max | F | P |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لایەنی ڕەفتاری | هەژار | 5 | 2.2121 | 1.00 | 3.00 | 3.373 | 0.031 |
| | ناوەند | 19 | 2.8944 | | | | |
| | دەوڵەمەند | 3 | 2.1190 | | | | |
| لایەنی زمان و قسەكردن | هەژار | 5 | 3.1363 | 1.00 | 3.00 | 0.265 | 0.770 |
| | ناوەند | 19 | 3.9533 | | | | |
| | دەوڵەمەند | 3 | 2.1948 | | | | |
| لایەنی كۆمەڵایەتی | هەژار | 5 | 2.6666 | 1.00 | 3.00 | 5.939 | 0.003 |
| | ناوەند | 19 | 3.7296 | | | | |
| | دەوڵەمەند | 3 | 3.0000 | | | | |
| **Total** | هەژار | 5 | 2.6716 | 1.00 | 3.00 | 3.192 | 0.268 |
| | ناوەند | 19 | 3.5257 | | | | |
| | دەوڵەمەند | 3 | 2.4379 | | | | |

خشتەی( 8) ئاماری یەک نمونەیی پۆلەكانی بازنەی یەكەم پیشان دەدات، بەرزترین ئاست بڕگەی 4 ە كە ناوەندەژمێریاری 3.2843ە بە پێچەوانەوە بڕگەی 9 بە نزمترین ئاستی گرفتی ژمارە دادەنرێت كە 2.8431 ە

**چارتی 8 خستنەڕووی نیشانەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لە ڕووی ڕەفتاری، قسەکردن، کۆمەڵایەتی و پەیوەست بە باری ئابووری پیشان دەدات.**




خشتەی(8) ئاماری یەک نمونەیی پۆلەکانی بازنەی یەکەم پیشان دەدات، بەرزترین ئاست بڕگەی 4 ە کە ناوەندەژمێریاری 3.2843ە بە پێچەوانەوە بڕگەی 9 بە نزمترین ئاستی گرفتی ژمارە دادەنرێت کە 2.8431 ە

خشتەی(9)بەراوردی نیشانەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لە ڕووی ڕەفتاری، قسەکردن، کۆمەڵایەتی و پەیوەست بە سەنتەرو پەیمانگاکانی توێژینەوەکە پیشان دەدات.

| نیشانەکانی ئۆتیزم | سەنتەرو پەیمانگاکان | N | وەندی ژمێریار Mean | Min | Max | F | P |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لایەنی ڕەفتاری | سلێمانی | 14 | 3.1232 | 1.00 | 5.00 | 3.123 | 0.034* |
| | ژینیا | 4 | 2.6908 | 1.00 | 5.00 | | |
| | ژین | 2 | 2.1818 | 1.00 | 5.00 | | |
| | چەمچەماڵ | 2 | 2.8788 | 1.00 | 5.00 | | |
| | هەولێر | 5 | 2.2986 | 1.00 | 5.00 | | |
| لایەنی زمان و قسەکردن | سلێمانی | 14 | 4.8181 | 1.00 | 5.00 | 5.673 | 0.002* |
| | ژینیا | 4 | 3.5695 | 1.00 | 5.00 | | |
| | ژین | 2 | 2.3134 | 1.00 | 5.00 | | |
| | چەمچەماڵ | 2 | 2.6969 | 1.00 | 5.00 | | |
| | هەولێر | 5 | 3.5064 | 1.00 | 5.00 | | |
| لایەنی کۆمەڵایەتی | سلێمانی | 14 | 4.0000 | 1.00 | 5.00 | 11.414 | .000* |
| | ژینیا | 4 | 3.1515 | 1.00 | 5.00 | | |
| | ژین | 2 | 2.5696 | 1.00 | 5.00 | | |
| | چەمچەماڵ | 2 | 2.7575 | 1.00 | 5.00 | | |
| | هەولێر | 5 | 3.6238 | 1.00 | 5.00 | | |
| Total | سلێمانی | 14 | 3.9804 | 1.00 | 5.00 | 13.375 | .000* |
| | ژینیا | 4 | 3.1372 | 1.00 | 5.00 | | |
| | ژین | 2 | 2.3549 | 1.00 | 5.00 | | |
| | چەمچەماڵ | 2 | 2.7777 | 1.00 | 5.00 | | |
| | هەولێر | 5 | 3.1429 | 1.00 | 5.00 | | |

سەرچاوە توێژەران پشت بەست بە: بە فۆرمی ڕاپرسی کە لە ڕێکەوتی (10//20 2023 بۆ 2023/11/10) خایاندووە، لە قەزای چەمچەماڵ، بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS).

خشتەی (8)، وەك لە سەرەوەدا هاتووە ئەنجامەکانی شیکاری ئاماری ئەنۆڤا بۆ بەراورد و جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان ئەوە دەردەخەن کە جیاوازیەکی بەرچاو لە نێوان کۆی نمرەکانی نیشانە ڕەفتاری و کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە، کە بەهای (P) بچووکترە لە 0.05(P>0.05) وە بەهای (F) کە دەکاتە 0.000 .(2.148) = . بۆ نیشانە ڕەفتارییەکان، و بەهای (F) دەکاتە 0.001 کە =(2.148) بۆ نشانە کۆمەڵایەتییەکان.

بەڵام جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان کۆی نمرەکانی فشاری دەروونی و کەم خەوی و هەستکردن بە کەمی لای ژنانی ئەنفال هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت باری دەروونی ژنان خراپتر بووە.




خشتەی(10) ئەنجامەکانی ئەنۆڤا ANOVA بۆ نیشانەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لە ڕووی ڕەفتار، زمان و قسەکردن، کۆمەڵایەتی

| نیشانەکان | | Sum of Squares | df | Mean Square | F | Sig. | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لە ڕووی ڕەفتاری | Between Groups | .797 | 2 | 0.055 | 11.370 | 0.000 | .512 |
| | Within Groups | 274.537 | 25 | 0.202 | | | |
| | Total | 275.334 | 27 | | | | |
| لە ڕووی زمان | Between Groups | 3.329 | 2 | 0.851 | 1.173 | 0.311 | .117 |
| | Within Groups | 355.785 | 25 | 0.827 | | | |
| | Total | 359.113 | 27 | | | | |
| لە ڕووی کۆمەڵایەتی | Between Groups | 10.138 | 2 | 0.403 | 7.690 | 0.001 | .000 |
| | Within Groups | 293.237 | 25 | 0.131 | | | |
| | Total | 303.375 | 27 | | | | |

**ئامانجی دووەم:**

كێشەی ژمارە لای قوتابیانی بازنەی یەكەم بۆ پۆلەكانی (1، 2، 3) لە دیدی مامۆستایانی بیركاریەوە.

1. خستنەڕووی ئەنجامەكان و گفتوگۆكان.

لەبەرئەوەی ژمارەی برگەكان زۆرن، توێژەران بەشێكی خستوەتەڕوو بۆ گفتوگۆ كردن بەڵام لە پاشكۆی (2)، بەشی كۆتاییدا هەموو برگەكان بەڕوونی دیارە بۆ جێبەجێ كردن و دەرخستنی ئەنجامەكان لە (كێشەی ژمارە لای قوتابیانی بازنەی یەكەم بۆ پۆلەكانی (1، 2، 3) لە دیدی مامۆستایانی بیركاریەوە). لەئەنجامدا دەركەوت بەرزترین نمرە لە برگەی (ناتوانێت ژمارە لە شوێنی خۆی دابنێت، (خانەی یەكان، دەیان، سەدان)دایە بە نمرەی ناوەندی پێشنیازكراو(3.2843) و كێشی سەدی (66.5)و بەم پێیە پلەی یەكەمی بەدەست هێناوە، بەڵام كەمترین نمرە بۆ برگەی (لای قورسە شیكاری هەندێك دەستەواژەی سادەی بیركاری بكات بە زارەكی)، بە نمرەی پێشنیازكراو (2.8431)و كێشی سەدی (54) بەم پێیە پلەی دووەمی بەدەستهیناوە وەك لە خشتەی (7)دا هاتووە.

خشتەی( 12) ژمارەو پلەو برگەكان كە لە شێوەی ناوەندی ژمێریاری و كێشی سەدی خراوەتە ڕوو، لەخوارەوە سەرجەم برگەكان شیكراونەتەوە.

| ژمارەی برگە N | پلەی برگە | برگەكان Items | ناوەندی پێشنیاركراو Mean | كێشی سەدی % |
|---|---|---|---|---|
| 12 | 1 | ***لایەنی زمان و قسەكردن*** ناتوانێت ڕاناوە كەسیەكانی وەك (من و تۆ) بەكاربهێنێت | 3.7813 | 77 |
| 15 | 2 | توانای گێڕانەوەی قسەی نیە | 3.7500 | 76 |
| 26 | 3 | حەز بەتەنهایی و گۆشەگیری دەكات | 3.5938 | 75 |
| 19 | 4 | ناتوانێت قسەكانی ڕێك بخات | 3.5625 | 74 |
| 14 | 5 | ناتوانێت ئامراز لە ڕستەدا بەكاربهێنێت | 3.5313 | 73 |
| 21 | 6 | ناتوانێت ووشەی ئاڵۆز بەكاربهێنێت | 3.3438 | 72 |
| 20 | 7 | ئیكۆلالیان هەیە و قسەكانی بەرامبەر دووبارە دەكەنەوە | 3.2813 | 71 |
| 18 | 8 | ووشەی بەڵێ، نەخێر یان نازانم بەكار ناهێنێت | 3.2188 | 70 |
| 22, 23 | 9 | نەبوونی پالنەر بەرامبەر بە ورووژێنەرەكانی دەوروبەر، حەز ناكات قسە لەگەڵ كەسانی تردا بكات | 3.1875 | 69 |
| 21 | 10 | بوونی ناوبڕ لە نێوان برگەكانی قسەكردن | 3.1563 | 65 |
| 11 | 11 | سەری خۆی دەكێشێت بە دیوار و قەپ لە دەستی خۆی دەگرێت | 3.1250 | 64 |
| 24 | 12 | ناتوانێت بۆ ماوەیەكی دیاریكراو تەركیز لە سەر یاریەك بكات | 3.0625 | 62 |
| 13 | 13 | هەندێك دەنگ دەردەبڕێت و دوبارەی دەكاتەوە كە هیچ مانەیەكی | 2.9375 | 59 |
| 2, 5 | 14 | -بوونی ڕەفتاری دوبارە وەك باڵەفرێ - گرنگی بە وروژێنەرەكانی وەك(كاتژمێر، ڕوناكی، سەیركردنی- ئامێری خولانەوەی جل شۆر) دەدات. | 2.8750 | 58 |
| 16 | 15 | ناتوانێت پرسیار دەربارەی شتەكانی ڕۆژانە بكات | 2.5625 | 55 |

### شیكردنەوەی دەرخستنی ئەنجامەكان

لەئەنجامی شیكاری داتاكاندا، توێژەران شیكاری ئەنجامەكانیان بەمشێوەیەی لای خوارەوە كردوە، برگەی (12) پلەی یەكەمی بەدەستهێناوە لە ڕووی نیشانەكانی زمان و قسەكردنی شەبەنگی ئۆتیزم كە (ناتوانێت ڕاناوە كەسیەكانی وەك (من و تۆ)

بەکاربهێنێت)، بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو(3.7500 ) و کێشی سەدی (76)ە، بەڵام بڕگەی (15) پلەی دووەمی وەرگرتووە، (منداڵی ئۆتیزم توانای گێڕانەوەی قسەیان نیە، بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو (3.2647) و کێشی سەدی (76)، بڕگەی (26) پلەی سێیەمی وەرگرتووە کە پێوانی لایەنی کۆمەڵایەتی منداڵی ئۆتیزم دەکات بە نموونە (حەز بەتەنهایی و گۆشەگیری دەکات) بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو (3.5938) و کێشی سەدی (75)، و بڕگەی (19) پلەی (4) وەرگرتووە، (ناتوانێت قسەکانی ڕێك بخات بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو (3.5625) و کێشی سەدی (74).

بڕگەی (14) پلەی (5) وەرگرتووە، کە پێوانی لایەنی زمان و قسەکردن دەکات بۆ نموونە (ناتوانێت ئامراز لە ڕستەدا بەکاربهێنێت) بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو (3.5313) و کێشی سەدی (73).

هەروەها بڕگەکانی (21,20,18) پلەی (6,7,8) پێوانی نیشانەکانی ئۆتیزم دەکات لە ڕووی قسەکردنەوە بۆ نموونە(گرفتیان هەیە لە بەکارهێنای ووشەی ئاڵۆز، دوبەرەکردنەوەی قسەی بەرامبەر – بوونی ئیکۆلا و ووشەکانی بەڵێ، نەخێر، نازاکم بەکارناهێنن) بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو (,3.3438, 3.2813, 3.2188 ) و کێشی سەدی (72,71,70).

هەرچەندە بڕگەی 22 و 23 جیاوازن بەڵام هەمان ناوەندی ژمێریاری و کێشی سەدیان هەیە و پلەی نۆیەمی بەدەستهێناوە کێشی سەدیان(69)ە، بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو (3.1875) کێشی سەدی (65).

بڕگەی (21) پلەی (10) یان بەدەستهێناوە لایەنی قسەکردن بە نموونە (بوونی ناوبڕ لە نێوان بڕگەکانی قسەکردن) خراوەتەڕوو بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو(3.1563) و کێشی سەدی (65)ە.

بڕگەی (11) پلەی (11) وەرگرتووە، باس لە ڕەفتاری منداڵی ئۆتیزم دەکات بە نموونە (سەری خۆی دەکێشێت بە دیوار و قەپ لە دەستی خۆی دەگرێت) بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو (3.1250) و کێشی سەدی (64).

بە پێچەوانەوە بڕگەی (24) پێوانی لایەنی کۆمەڵایەتی دەکات کە پلەی (12) وەرگرتووە (ناتوانێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تەرکیز لە سەر یاریەك بکات) بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو (3.0625) و کێشی سەدی (62).

و بڕگەی (13) پلەی (13) وەرگرتووە، لایەنی قسەکردنی منداڵی ئۆتیزم دەخاتەڕوو بە نموونە (هەندێك دەنگ دەردەبڕێت و دوبارەی دەکاتەوە کە هیچ مانەیەکی نیە) بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو (2.9375) و کێشی سەدی (59)ە.

لە لایەکی ترەوە هەروەها بڕگەکانی (2،5 کە لەلاینەی ڕەفتاری دەکۆڵێتەوە بۆ نموونە (بوونی ڕەفتاری دوبارە وەك باڵەفڕێ -گرنگی بە وروژێنەرەکانی وەك(کاتژمێر، ڕوناکی، سەیرکردنی-ئامێری خولانەوەی جل شۆر) پلەی (14)یان بە دەست هێناوە بەپێی هەمان ناوەندی پێشنیازکراو (2.8750) و کێشی سەدی (58). بڕگەی (21) پلەی (10) وەرگرتووە، (توانای وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی نییە لەدوای چالاکیەکی بیرکاری) بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو (3.0686) و کێشی سەدی (58).

لە لایەکی ترەوە بەشێك لە منداڵانی ئۆتیزم گرفتی تریان لە ڕووی زمان و قسەکردن هەیە و بە نموونە(ناتوانێت پرسیار دەربارەی شتەکانی ڕۆژانە بکات) کە لە بڕگەی (16) سەرنج دراواو پلەی (15) وەرگرتووە بەپێی ناوەندی پێشنیازکراو (2.5625) و کێشی سەدی (55). )

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخەنەڕوو نیشانەکانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم لای کوڕان زیاترە وەك لە کچان کە لە خشتەی 5 دا ناوەندی ژمێریاری خراوەتە ڕوو بە ڕێژەی 3.5557 بۆ کوڕان هەروەها 3.8753 بۆ کچان ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کوڕان نیشانەکانی شەبەنگی ئۆتیزمیان تێدایە وەك لە کچان.

هاوشێوەی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەکانی پێشووی وەك (Amaral,2017 ;Schuch et a., 2019) ئەوە دەخەنەڕوو کوڕان نیشانەکانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم لای کوڕان زیاترە وەك لە کچان. هەرچەندە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە پیشاندادات کە نیشانەکانی ئۆتیزم لە نێو منداڵانی تەمەن (3-6) و ئەو خێزانانە بڵاوە کە دایك و باوکیان فەرمانبەرن و لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن و بارو ئابوریان ناوەندە زیاتر بڵاوە بە پێی ناوەندی پێسنیارکراو(3.2089, 3.9313, 3.5257)بەڕیزبەندی بەدوای یەکتردا، بەڵام هیچ سەرچاوەیەك لە توێژینەوەکانی پێشووی ئەم کارە ئەوەی نەخستۆتەڕوو کە تەمەن و باری ئابووری و پشەی دایك و باوك هۆکار بێت بۆ شڵەژانی ئۆتیزم، لەڕاستیدا ڕەنگە بەشێکی ئەم هۆکارە پەیوەندی بەوەوە بێت کە منداڵان کاتێك دوور لە چاوی دایك و باوکیان زیاتر مۆبایل و یاریە ئەلیکترۆنیەکان بکەن، بۆ پشتگیری ئەم بۆچوونە، ئەم توێژینەوەیە ئەوەی دۆزیوەتەوە کە یەکێك لە هۆکارەکانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم پەیوەندی بە زۆر بەکارهێنانی ئیلیکترۆنیات و خوگرتن پێوەی بێت کە دەرئەنجام منداڵ تووشی گۆشەگیری و شڵەژانی ڕەفتار و دواکەوتنی قسەکردن بێت، چونکە دائەبڕێت لە چالاکی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاوبوون و دەرکەوتنی چەندین نیشانە و شڵەژانی ڕەفتاری، قسەکردن و پەیوەندی. ( APA, 2013; Alrahili et al., 2021; Mac

(mullin et al., 2021)، هەروەها لە ناو سەرجەم سەنتەر و پەیمانگاكاندا ناوەندی پێشنیاركراوی پەیمانگاكانی سلێمانی زیاترە لە چاو سەنتەر و پەیمانگاكانی تردا بەرێژەی (3.9804).

پەیوەست بە پەیوەندی ئاماری گرنگ لە نێوان شڵەژانەكانی شەبەنگی ئۆتیزم پەیوەندیان بە دیمۆگرافیای بەشداربوانی توێژینەوەكەوە، ئەم توێژینەوەیە ئەوەی خستۆتەڕوو كە پەیوەندی گرنگی ئاماری لە نێوان نیشانەكانی شەبەنگی ئۆتیزم و ڕەگەز، تەمەن و سەنتەرەكانی شڵەژانی ئۆتیزم هەیە لە ڕووی ڕەفتاری، قسەكردن و كۆمەڵایەتیەوە، هەروەها پەیوەست بە باری ئابووری و پیشەی دایك و باوكی منداڵی ئۆتیزم ئەوە دۆزراوەتەوە كە پەیوەندی ئاماری گرنگ لە نێوان تەنها لایەنی ڕەفتاری و كۆمەڵایەتیدا هەیە.

لە كۆتایدا، لەم توێژینەوەیەدا، كۆمەڵێك نیشانەو هۆكاری شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم خراونەتەڕوو، لە دیارترین نیشانەكانی ئۆتیزم، لاوازی و كەم و كورتی پەیوەندی كۆمەڵایەتی، لاوازی قسەكردن و زمان، گرفت لەڕەفتار و هەڵسوكەوت، و دووبارەكردنەوەی زۆر چالاكی و یاری. هەروەها كۆمەڵێك هۆكار خرانەڕوو كە دەبنە هۆی شڵەژانی ئۆتیزم، لە گرنگترینیان، جیاوازی نێوان ڕەگەزی كوڕان و كچان، زۆر بەكارهێنانی ئیلیكترۆنیات و هەوكردنی دایكان بە ڤایرۆس، پەتا، بەكتریا و بەكارهێنانی داو و دەرمان لە كاتی دوگیانیدا، و پیسبوونی ژینگە بە مادده زیانبەخشەكان (Barmley et l., 2013; Mandy & lai2016; Centers for disease control and prevention, 2021; fleix et al., 2022; pretorious, 2023; tager- flusberg & kasari2013; weissman et al., 2023)

## 5-پێشنیارەكان

سەرچاوەكان

پاشكۆكان

## پێشنیارەكان

ڕاسپاردەی توێژەران لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا ئەم خاڵانە لە خۆ دەگرێت:

پێویستە توێژینەوەی زیاتر ئەنجام بدرێت لە سەر پێوانی نیشانەكانی تری منداڵانی ئۆتیزم

ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر بۆ تەمەن و قۆناغەكانی تری منداڵی ئۆتیزم بە تایبەت قۆناغی هەرزەكاری و دواتر تا زیاتر لە هۆكاری گرفتی ئۆتیزم بزانرێت.

تا زیاتر شارەزای هۆكارو نیشانەكانی منداڵانی ئۆتیزم بین، گرنگە تەنها پشت بە دیدی ڕاهێنەری پەروەردەی تایبەت نەبەسترێت، بەڵكو گرنگە بۆچون و دیدی دایك و باوك وەربگیرێت.

ئەنجامدانی تەنها ڕاپرسیەك كە 32 برگە بۆ پێوانی نیشانەكانی شەبەنگی ئۆتیزم بەس نیە بەڵكو ئەنجامدانی تێست و پێوانەكردنی زیاتر گرنگە بۆ زانینی نیشانەكانی شەبەنگی ئۆتیزم لای منداڵان.

لە بەرئەوەی سەمپڵی ئەم توێژینەوەیە تەنها منداڵانی كورد زمانی كوردستانی عێراق وەرگیراوە، پێشنیار بۆ توێژینەوەكانی تر ئەوەیە منداڵانی تری خوارووی عێراق بە تایبەت، عەرەب، توركمان، تا زانیاری زیاتر و جیاوازی زیاتر دەربارەی ئاستی منداڵانی ئۆتیزم بدۆزرێتەوە و توێژینەوەكە گوزارشت لە تەواوی كۆمەڵگەی عێراق بكات.

## ڕاسپاردەكان

بەشی تیۆری و ئەنجامەكانی ئەم تۆژینەوەیە ئەوە دەخەنە ڕوو كە هۆكاری بۆماوەی و خۆراك و داوودەرمان و پیس بوونی ژینگە و بارودۆخی خێزانی هۆكارن بۆ زیادوونی نیشانەكانی ئۆتیزم، كەواتە پێویستە حكومەت، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی ناوخۆ، ڕێكخراوەكانی بواری پاراستنی ژینگە گرنگی زیاتر بە كوالێتی خواردن و دەرمان و پاراستنی ژینگەو چارەسەری ئەو منداڵانە بكرێت كە نیشانەكانی شەبەنگی ئۆتیزمیان هەیە، هەروەها دابینكردنی پسپۆڕی پەروەردەی تایبەتی زیاتر تا ڕاهێنانی زیاتریان پێ بكرێت.

كاربكرێت بە پێداچونەوە بە پرۆگرامی خوێندن و گونجاندنی لەگەڵ تواناى قوتابیانی بازنەی یەكەم و ڕەچاوی جیاوازی تاكی بكرێت بۆ قوتابیان.

پێویستە حكومەت و وەزارەتی پەروەردە، كاروباری كۆمەڵایەتی كار لە سەر دابینكردنی سەنتەر و قوتابخانە و پۆل و پرۆگرامی تایبەت و مامۆستای ڕاهێنەری پەروەردەی تایبەت لێهاتوو بكەن بۆ ئەو منداڵانەی لە ناو منداڵانی ئاسایی فێر نابن.

پێویستە حکومەت و سەنتەرەکان هۆکار و پێداویستی زیاتری ڕاهێنان  بۆ منداڵانی ئۆتیزم دابین بکەن، تا منداڵان حەزو ئارەزوویان بۆ ڕاهێنان زیاتر بێت و گرفتی ڕەفتاری و قسەکردن و کۆمەڵایەتیان چارەسەربێت.

بەهۆی ئەوەی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە  ئەوە دەخاتەڕوو کە زۆرترین ئەو منداڵانەی کە نیشانەکانی ئۆتیزمیان تێدایە دایك و باوکیان فەرمانبەرن، پێویستە دایك و باوکی منداڵی ئۆتیزم هاوشانی ڕاهێنەران لە ماڵەوە ڕاهێنان بە منداڵانیان بکەن.

**سەرچاوەکان – References**


- American Psychiatric Association, D. S. M. T. F., & American Psychiatric Association. (2013). Diagnostic and statistical manual of mental disorders: DSM-5 (Vol. 5, No. 5). Washington, DC: American psychiatric association .

- Alrahili, N., Almarshad, N. A., Alturki, R. Y., Alothaim, J. S., Altameem, R. M., Alghufaili, M. A... ,.

- Alothaim, J. (2021). The Association Between Screen Time Exposure and Autism Spectrum Disorder-Like Symptoms in Children. Cureus, 13.(10)

- Amaral, D. G. (2017, January). Examining the causes of autism. In Cerebrum: the Dana forum on brain science (Vol. 2017). Dana Foundation .

- Bromley, R. L., Mawer, G. E., Briggs, M., Cheyne, C., Clayton-Smith, J., García-Fiñana, M., ... & Liverpool and Manchester Neurodevelopment Group. (2013). The prevalence of neurodevelopmental disorders in children prenatally exposed to antiepileptic drugs. Journal of Neurology, Neurosurgery & Psychiatry, 84(6), 637-643.

- Centers for Disease Control and Prevention. (2021). Autism Spectrum Disorder (ASD) Centers for Disease Control and Prevention .

- DSM-5. (2013). "Autism spectrum disorder. Diagnostic and Statistical Manual of Mental Disorders (The American Psychiatric Association), 50-59.

- Duszak, R. S. (2009). Congenital rubella syndrome—major review. Optometry-Journal of the American Optometric Association, 80(1), 36-43 .

- Félix, J., Santos, M. E., & Benitez-Burraco, A. (2022). Specific Language Impairment, Autism Spectrum Disorders and Social (Pragmatic) Communication Disorders: Is There Overlap in Language Deficits? A Review. Review Journal of Autism and Developmental Disorders, 1-21 .

- Hollander, E., Hagerman, R., & Ferretti, C. (Eds.). (2022). Textbook of autism spectrum disorders. American Psychiatric Pub.

- Libbey, J. E., Sweeten, T. L., McMahon, W. M., & Fujinami, R. S. (2005). Autistic disorder and viral infections. Journal of neurovirology, 11(1), 1-10.

- MacMullin, J. A., Lunsky, Y., & Weiss, J. A. (2016). Plugged in: Electronics use in youth and young adults with autism spectrum disorder. Autism, 20(1), 45-54 .

- Mandy, W., & Lai, M. C. (2016). Annual Research Review: The role of the environment in the developmental psychopathology of autism spectrum condition. Journal of Child Psychology and Psychiatry, 57(3), 271-292 .

- Ornoy, A., Weinstein-Fudim, L., & Ergaz, Z. (2015). Prenatal factors associated with autism spectrum disorder (ASD). Reproductive toxicology, 56, 155-169.

- Pretorius. K. (2023). Understanding Repetitive Behavior in Children With Autism. URL: https://shorturl.at/itQX5 .

- Schuck, R. K., Flores, R. E., & Fung, L. K. (2019). Brief report: Sex/gender differences in symptomology and camouflaging in adults with autism spectrum disorder. Journal of autism and developmental disorders, 49, 2597-2604.

- Strömland, K., Nordin, V., Miller, M., Akerström, B., & Gillberg, C. (1994). Autism in thalidomide embryopathy: a population study. Developmental Medicine & Child Neurology, 36(4), 351-356.

- Tager-Flusberg, H., & Kasari, C. (2013). Minimally verbal school-aged children with autism spectrum disorder: The neglected end of the spectrum. Autism research, 6(6), 468-478 .

- Weissman, L., Bridgemohan, C., & Augustyn, M. (2021). Autism spectrum disorder in children and adolescents: Behavioral and educational interventions. UpToDate; Augustyn, M., Patterson, M., Eds.; UpToDate: Waltham, MA, USA .

## پاشکۆکان

پاشکۆی (1) جێگیری فۆرمەکە بە شێوەی دابەشکردنی نیوەیی - (Split-Half دەخاتەڕوو

| هاوكێشەی پەیوەست پێش ڕاستكردنەوە<br>معامل الارتباط قبل التصحيح<br>Correlation Between Forms | ڕاستكردنەوەی هاوكۆلكە بە هاوكێشەی سپێرمان –براون<br>Spearman – Brown Coefficient<br>Equal Length | ژمارە<br>N |
|---|---|---|
| 0.86 | 0.89 | 32 |

پاشکۆی (2) جێگیری فۆرمەکە بە شێوەی دابەشکردنی نیوەیی - Split-Half) دەخاتەڕوو

| ژ | **ناوی شارەزایانExperts** | **شوێنی کار** | **ژمارەی پسپۆری** | **ژمارەی پرسیارە دروستەکان** | **ژمارەی پرسیارە نا دروستەکان و گۆڕانکاری** |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. وەلید بابان | زانکۆی صلاح الدین | پێوان و هەڵسەنگاندن | 18 | 2 |
| 2 | د. صمد محمد | زانکۆی سلێمانی | پەروردە و دەروونناسی | 27 | 8 |
| 3 | پ. ی. د. نەزیرە محمد | زانکۆی سلێمانی | پەروەردەی منداڵ | 30 | 21 |
| 4 | د. زانا عثمان | زانکۆی چەرموو | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | 31 | |
| 5 | د. ئاوات كريم | زانکۆی چەرموو | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | 32 | |
| | | | | 138 | |

کۆی گشتی پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرس = 32

کۆی گشتی پرسیارەکان = کۆی پسپۆڕیەکان = 32 x5 = 160

ئاستی متمانە = 138/ 160 x100 =0.86

ئەم ژمارەیەی سەرەوە بەڵگەیە بۆ ڕاستی و درووستی فۆرمی توێژینەوەکە کە گونجاوە بۆ پێوانی نیشانەکانی گرفتە دەرونیەکان لە گەڵ بەشداربووان

پاشکۆی (3) فۆرمی ڕاپرسی کە (35) پرسیارە بۆ پێوانی نیشانەکانی (دلەڕاوکێ، خەمۆکی،فشار، کەمخەوی، هەستکردن بە کەمی) دەخاتەڕوو

| | بڕگەکان | هەرگیز 0 | زۆرکەم 1 | هەندێك جار 2 | زۆر جار 3 | هەمیشە 4 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ***لایەنی ڕەفتاری*** ناتوانێت خۆی پاك بکاتەوە | | | | | |
| 2 | بوونی ڕەفتاری دوبارە وەك باڵەفڕێ | | | | | |
| 3 | لە کاتی ڕۆشتندا لە سەر نووکی پێ دەڕوات | | | | | |
| 4 | بە دەست نان دەخوات | | | | | |
| 5 | گرنگی بە وروژێنەرەکانی وەك(کاتژمێر، روناکی، سەیرکردنی ئامێری خولانەوەی جل شۆر) دەدات | | | | | |
| 6 | خواردنی پیس دەخوات | | | | | |
| 7 | بوونی ڕەفتاری توندوتیژی وەك (ئازاردانی خوود) | | | | | |
| 8 | گرفتی خەویان هەیە | | | | | |
| 9 | هەڵهاتن لە خوێندن و ڕاکردن بۆ ماڵەوە | | | | | |
| 10 | ڕەفتاری توندوتیژی وەك ئازاردانی کەسانی تر | | | | | |
| 11 | سەری خۆی دەکێشێت بە دیوار و قەپ لە دەستی خۆی دەگرێت | | | | | |
| 12 | ***لایەنی زمان و قسەکردن*** ناتوانێت ڕاناوە کەسیەکانی وەك (من و تۆ) بەکاربهێنێت | | | | | |
| 13 | هەندێك دەنگ دەردەبڕێت و دوبارەی دەکاتەوە کە هیچ مانەیەکی نیە | | | | | |
| 14 | ناتوانێت ئامراز لە ڕستەدا بەکاربهێنێت | | | | | |
| 15 | توانای گێڕانەوەی قسەی نیە | | | | | |
| 16 | ناتوانێت پرسیار دەربارەی شتەکانی ڕۆژانە بکات | | | | | |
| 17 | بوونی ناوبڕ لە نێوان بڕگەکانی قسەکردن | | | | | |
| 18 | ووشەی بەڵێ، نەخێر یان نازانم بەکار ناهێنێت | | | | | |
| 19 | ناتوانێت قسەکانی ڕێك بخات | | | | | |
| 20 | ئیکۆلالیان هەیە و قسەکانی بەرامبەر دووبارە دەکەنەوە | | | | | |
| 21 | ناتوانێت ووشەی ئاڵۆز بەکاربهێنێت | | | | | |
| 22 | ***لایەنی کۆمەڵایەتی*** نەبوونی پاڵنەر بەرامبەر بە وروژێنەرەکانی دەوروبەر | | | | | |
| 23 | حەز ناکات قسە لەگەڵ کەسانی تردا بکات | | | | | |
| 24 | ناتوانێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تەرکیز لە سەر یاریەك بکات | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 25 | حەزی بە یاریی و چاوشارکێ نیە | | | | | |
| 26 | حەز بەتەنهایی و گۆشەگیری دەکا | | | | | |
| 27 | هەست بە مەترسیەكانی دەوروبەر ناكات وەك (ساردی، گەرمی، بەركەوتن( | | | | | |
| 28 | چێژ لە خۆشی و یاریە كۆمەڵایەتییەكان نابینێت | | | | | |
| 29 | پێكەنین و گریانی بێ هۆكار | | | | | |
| 30 | لە كاتی یاریكردندا پاڵ بەكەسانی ترەوە دەنێت | | | | | |
| 31 | ناتوانێت لاسایی كەسانی تر بكاتەوە | | | | | |
| 32 | ڕێز لە بەها كۆمەڵایەتیەكان ناگرێت و گوێ بە عەیبە نادات | | | | | |

| پرسیارەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی | لادانی ستانداردی | ناوەندی ژمێریاری |
|---|---|---|---|---|
| Q1 | ***لایەنی ڕەفتاری***<br>ناتوانێت خۆی پاك بكاتەوە | 2.9216 | 1.33803 | 2.2500 |
| Q2 | بوونی ڕەفتاری دوبارە وەك باڵەفڕێ | 2.9706 | 1.33803 | 2.8750 |
| Q3 | لە كاتی ڕۆشتندا لە سەر نووكی پێ دەڕوات | 3.0784 | 1.1842 | 2.219 |
| Q4 | بە دەست نان دەخوات | 3.2843 | 1.26841 | 3.0213 |
| Q5 | گرنگی بە وروژێنەرەكانی وەك(كاتژمێر، ڕوناكی، سەیركردنی<br>ئامێری خولانەوەی جل شۆر) دەدات | .2059 | 1.18458 | 2.8750 |
| Q6 | خواردنی پیس دەخوات | 3.0882 | 1.07341 | 2.4063 |
| Q7 | بوونی ڕەفتاری توندوتیژی وەك<br>ئازاردانی خوود) | 3.0196 | 1.19094 | 2.4688 |
| Q8 | گرفتی خەویان هەیە | 2.9118 | 1.35450 | 2.6875 |
| Q9 | هەڵهاتن لە خوێندن و ڕاكردن بۆ ماڵەوە | 2.8431 | 1.09572 | 2.6563 |
| Q10 | ڕەفتاری توندوتیژی وەك ئازاردانی كەسانی تر | 3.0294 | 1.11984 | 2.3125 |
| Q11 | سەری خۆی دەكیشێت بە دیوار و قەپ لە دەستی خۆی دەگرێت | 3.0588 | 1.31982 | 3.1250 |
| Q12 | ***لایەنی زمان و قسەكردن***<br>ناتوانێت ڕاناوە كەسیەكانی وەك (من و تۆ) بەكاربهێنێت | 3.1667 | 1.73641 | 3.7813 |
| Q13 | هەندێك دەنگ دەردەبڕێت و دوبارەی دەكاتەوە كە هیچ مانەیەكی نیە | 3.2549 | 1.38977 | 2.9375 |
| Q14 | ناتوانێت ئامراز لە ڕستەدا بەكاربهێنێت | 3.03922 | 1.43684 | 3.5313 |
| Q15 | توانای گێڕانەوەی قسەی نیە | 3.2353 | 1.67975 | 3.7500 |
| Q16 | ناتوانێت پرسیار دەربارەی شتەكانی ڕۆژانە بكات | 3.2647 | 1.45601 | 2.5625 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Q17 | بوونی ناوبڕ لە نێوان بڕگەکانی قسەکردن | 2.9706 | 1.62856 | 3.1563 |
| Q18 | ووشەی بەڵێ، نەخێر یان نازانم بەکار ناهێنێت | 3.0882 | 1.54470 | 3.2188 |
| Q19 | ناتوانێت قسەکانی ڕێك بخات | 3.2549 | 1.41279 | 3.5625 |
| Q20 | ئیکۆلایان هەیە و قسەکانی بەرامبەر دووبارە دەکەنەوە | 3.0686 | 1.63104 | 3.2813 |
| Q21 | ناتوانێت ووشەی ئاڵۆز بەکاربهێنێت | 3.2353 | 1.53685 | 3.3438 |
| Q22 | ***لایەنی کۆمەڵایەتی*** نەبوونی پاڵنەر بەرامبەر بە ورووژێنەرەکانی دەوروبەر | | 1.35450 | 3.1875 |
| Q23 | حەز ناکات قسە لەگەڵ کەسانی تردا بکات | | 1.09065 | 3.1875 |
| Q24 | ناتوانێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تەرکیز لە سەر یاریەك بکات | | 1.07576 | 3.0625 |
| Q25 | حەزی بە یاریی و چاوشارکێ نیە | | 1.07716 | 2.4688 |
| Q26 | حەز بەتەنهایی و گۆشەگیری دەکا | | 1.24272 | 3.5938 |
| Q27 | هەست بە مەترسیەکانی دەوروبەر ناکات وەك (ساردی، گەرمی، بەرکەوتن) | | 1.01401 | 2.8438 |
| Q28 | چێژ لە خۆشی و یاریە کۆمەڵایەتییەکان نابینێت | | 1.62856 | 3.0625 |
| Q29 | پێکەنین و گریانی بێ هۆکار | | 1.09065 | 2.8125 |
| Q30 | لە کاتی یاریکردندا پاڵ بەکەسانی ترەوە دەنێ | | .87067 | 2.6250 |
| Q31 | ناتوانێت لاسایی کەسانی تر بکاتەوە | | 1.33463 | 2.6563 |
| Q32 | ڕێز لە بەها کۆمەڵایەتیەکان ناگرێت و گوێ بە عەیبە نادات | | 1.05527 | 2.6428 |

**تقييم أعراض اضطراب طيف التوحد من وجهة نظر مدربي التربية الخاصة في إقليم كردستان**

**مريوان عبد المجيد محمد**
جامعة چەرموو – كلية التربية – قسم التربية الخاصة،جامعة, استشاري في معهد زينيا
mariwan.mohammed@charmouniversity.org

**بيمان عمر رضا**
مدرب في مؤسسة زينيا
paymanomer51@gmail.com

**سونيا حسن محمد**
مدربة في معهد زينيا
sonyahasan99@gmail.com

**هوناز شريف رحيم**
مدربة في معهد زينيا
hawnazsharif17@gmail.com

**الملخص**

اضطراب طيف التوحد (ASD) هو اضطراب في النمو يؤثر على السلوك واللغة والنمو الاجتماعي لدى الأطفال، ويمكن تشخيص أعراض التوحد بعد سن 2 أو 3 سنوات. هدف هذا البحث إلى تقصي الأعراض السلوكية واللغوية والاجتماعية لدى الأطفال المصابين بالتوحد من وجهة نظر المعلمين في إقليم كردستان – العراق من حيث الجنس والعمر والحالة الاجتماعية والاقتصادية. استخدم الباحث استبيان (ASA-32) المبني على Alaky (2011) و DSM-5 لتحديد العلاقات بين الأبعاد الفرعية السلوكية واللغوية والاجتماعية لاضطراب طيف التوحد

وشملت عينة الدراسة حوالي 30 حالة من عدة مؤسسات ومراكز التوحد من وجهة نظر المدربين في إقليم كردستان. وفي المجمل، تم استلام 27 نموذجًا والتحقيق فيها. وتم تحليل البيانات باستخدام برنامج SPSS الإصدار 26 لاكتشاف نتائج هذا البحث.

وأظهرت النتائج وجود علاقة إيجابية وذات دلالة إحصائية بين الأبعاد السلوكية والاجتماعية لاضطراب طيف التوحد. وأيضاً كانت هناك فروق ذات دلالة إحصائية بين الأبعاد الفرعية الثلاثة لأعراض التوحد تبعاً للعمر والجنس والحالة الاجتماعية والاقتصادية على سبيل المثال؛ وكانت الأعراض السلوكية واللغوية والاجتماعية أكثر شيوعا بين الذكور منها بين الإناث. الأطفال من الطبقة المتوسطة وتلك الأسر التي كان آباؤها موظفين لديهم أعراض اضطراب طيف التوحد أكثر من غيرهم. وبالتالي، اقتصرت هذه الدراسة على إشراك وجهة نظر المعلم فقط للتحقيق في أعراض التوحد، وبالتالي لا يمكن تعميم النتائج على وجهات نظر أخرى.

وقدم الباحثون بعض التوصيات لإجراء مزيد من البحث، وكانت النقطة الأكثر أهمية هي إشراك أولياء الأمور والتقييمات والاختبارات المختلفة. وأيضا، فإنه يقترح بشدة على الباحثين الآخرين التوسع في الأجزاء والمجموعات العرقية الأخرى في العراق لتقديم صورة كاملة عن المجتمع العراقي، وبالتالي قد تختلف النتائج وتكون أكثر أهمية.

**الكلمات المفتاحية**: التقييم ، أعراض اضطراب طيف التوحد، إدراك المدرب، الاستبيان، التوصيات

**Assessment of Autism Spectrum Disorder (ASD) Symptoms from The Perspective of Special Education Trainers in Kurdistan Region**

Mrywan Abdulmajeed Mohammed
Lecturer at Charmo University – Head of Department of Special Education, Counselor at Zhinya Institution for Family Education
mariwan.mohammed@charmouniversity.org

Payman Omar Raza
Trainer at Zhinya Institution
paymanomer51@gmail.com

Sonya Hassan Mohammed
Trainer at Zhinya Institution
sonyahasan99@gmail.com

Hawnaaz Sharif Rahim
Trainer at Zhinya Institution
hawnazsharif17@gmail.com

**Abstract**

Autism spectrum disorder (ASD) is a developmental disorder that effects behavior, language, and social development in children, the symptoms of autism can be diagnosed after the age of 2 or 3 years. The aim of this research was to investigate the behavioral, linguistic and social symptoms of children with autism from the perspective of teachers in Kurdistan region - Iraq in terms of gender, age, socioeconomic status. The researcher used the questionnaire (ASA-32) based on Alaky (2011) and DSM-5, to determine the relationships among the behavioral, linguistic, and social sub dimensions of autism spectrum disorder

The study sample involved about 30 cases from several autism institutions and centers in trainer's perspective in Kurdistan region. In total, 27 forms were received and investigated. The data was analyzed using SPSS version 26 to discover the findings of this research .

The results illustrated that, there to be positive and statistically significant relationship between the behavioural and social dimensions of autism spectrum disorder. And also, there were significant differences among the three sub-dimensions of symptoms of autism according to age, gender, socioeconomic status, for instance; behavioral, linguistic and social symptoms were more common among males than in females. Children from middle-class and those families whose parents were employees have more symptoms of ASD than others. Consequently, this study was limited to involving only teacher's perspective to investigate the symptoms of autism, therefore the outcomes cannot be generalized to other perspectives .

The researchers made some recommendations for further research, the most significant point was to involve parents and different assessments and tests. And also, it is highly suggesting to the other researchers expand to the other parts and ethnic groups of Iraq to provide a whole picture of Iraqi society, therefore the findings may differ and be more significant.

**Key words**: Assessment, symptoms of ASD, Trainer's perceptive, questionnaire, recommendations

.